وەفا ڕۆستەمزادە:

فارسەکان کۆنگرەکەمان بە دوژمنێك دژی ئێران و دانراوی دەستی ئەمریکا و ئیسرائیل دەزانن

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لە ڕێکەوتی 20 فوریەی 2005 لە وڵاتی بەریتانیا پێکهاتووە و ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانی لە خۆ گرتووە. "بۆکوردستان سەبارەت بە چالاکی و سیاسەتەکانی کۆنگرەکە و چەند پرسێکی پێوەندیداری دیکە، دیمانەیەکی لەگەڵ "وەفا ڕۆستەمزادە" نوێنەری PAK لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، ساز دا.

پرسیار: کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، کەی، لە کوێ و بە چ ئامانجێک دامەزراوە و چ لایەنگەلێکی سیاسیی لە خۆ گرتووە؟

وەڵام: کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لە ڕێکەوتی 20 فوریەی 2005 لە لەندەن، لە پێناو پێکهێنانی ئیئتیلافێکی بەرفراوان لە سەرجەم جەرەیان و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لە ئاوبردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی نیزامێکی فیدراڵی لە ئێراندا پێکهاتووە. کۆنگرەکە 16 لایەنی جۆراوجۆری نەتەوەبندەستەکانی ئێرانی لەخۆگرتووە کە 5 لەوان بریتین لە: حیزبی یەکێتی بەختیاری و لوڕستان، ئەنجوومەنی کلتووری و خەڵکیی کوردەکانی خۆراسان، پارتی ئازادیی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

پرسیار: تا چەند ئەم کۆنگرەیە لە گەیاندنی دەنگی نەتەوە ژێردەستەکان بە دنیای دەرەوە سەرکەوتوو بووە؟

وەڵام: بە کورتی دەتوانم بڵێم، کۆنگرەکە، لەگەڵ هەموو کێشە و کەم و کۆڕییەکانی، تا ڕادەیەک بوونی خۆی بە دنیای دەرەوەی ئێران و نەتەوە پێوەندیدارەکانی خۆی لە ناوخۆی وڵاتدا گەیاندووە، بەڵام هێشتا ڕێگایەکی درێژی لەبەردەمە تاکوو بە دووایین ئامانجی خۆی بگا.

پرسیار: ئایا لە کۆنگرەکەدا باس لە چۆنایەتی و شێوازی دیاریکردنی سنووری ئێرانی فیدراڵ کراوە؟

وەڵام: لە کۆنگرەی ئێرانی فیدراڵدا، ئێران لە چوارچێوەی مەنشووری سنووری جیهانییەکان، وڵاتێکی بەرین بە نەتەوەگەلی جۆراوجۆرەوە پێناسە کراوە کە هەریەکەو لە دۆخێکی جۆغرافیی تایبەتدا دەژی. هەڵبەت بە بڕوای من ئەمە نە پێناسەیەکی تەواو و نەش دەکرێ بە پێوانە دابنرێ. دەبێ لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کاری کۆنگرە، چەند ئاڵوگۆڕێک لە پێڕەو و پڕۆگرامی کۆنگرەکەدا ئەنجام بدرێ. هەروەها هیچکام لە لایەنەکان بەڵێننامەیان بۆ پابەندبوون بە سەرجەم خاڵەکانی پێڕەوی کۆنگرەکە واژوو نەکردووە.

پرسیار: بۆشایی لایەنەکانی سەر بە نەتەوەی فارس لە کۆنگرەکەدا دەبینرێ، ئایا ئەمە خوی لە خویدا کێشەیەک نییە؟ ئەگەر کێشەیە، چۆن چارەسەر دەکرێ؟

وەڵام: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەیەکم بە تواو نەبوونی بەرنامە و پڕۆگرامی کۆنگرەکە کرد. یەک لە خاڵە گرینگەکانی ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵە بەردەوامانەی ئەندامانی کۆنگرە و لەوانە من، بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ جەرەیان و لایە ئۆپۆزیسیۆنە فارس زمانەکان و تەنانەت ڕووناکبیرانی ئەوان داومانە، هیچیەکەیان بەفەرمی کۆنگرەکەمان نە ئەوەیکە قبووڵ نەکردووە، بەڵکوو بە دوژمنێک دژی ئێران و دانراوی دەستی ئەمریکا و ئیسرائیلی دەزانن. کەواتە لە وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەدا دەتوانم بڵێم، بۆشایی جەرەیانی فارس کاتێ دەتوانێ کێشە بێ کە ئەوان کۆنگرەکەیان قبووڵ بێ. ئەمە کۆنگرەکەیە کە دەبێ تەکلیفی خۆی لەگەڵ ئەواندا دیاری بکا. بە پێی مەتەڵەکەی خۆیان(ڕومی ڕومی یا زنگی زنگی!)

پرسیار: لایەنە جۆراوجۆرە سەرانسەریخوازەکان، چ هەڵوێستێکیان لە بەرانبەر کۆنگرەکە و بەتایبەتی پرسی دابەزاندنی سیستەمی فیدراڵی لە ئێراندا، هەیە؟

وەڵام: ئەوان، ئەگەر توانییان حەشیمەتی زۆرتر لە 40 میلیۆن مرۆڤی نافارسی دانیشتووی ئێران بە میللەت لەقەڵەم بدەن، دەتوانن بیر لە سیستەمی فیدراڵییش بکەنەوە و هەنگاوی بۆ هەڵێنن.

پرسیار: ئایا باشتر نەبوو کە لایەنەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکان، بەتایبەتی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لەچوارچێوەی بەرەیەکدا بەشداری کۆنگرەکە بایەن؟

وەڵام: بەداخەوە کێشەوی نەتەوە بندەستەکانی ئێران یەک و دووان نییە. ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەسەرنجدان بە دۆخی هەنووکەیی، پێداچوونەوەیان لە سیاستەکانیان هەبایە و لە چوارچێوەی بەرە یان ئیئتیلافێکی یەکگرتوو خەبات و چالاکییان بکردبا، ئەوە قورسایی زیاتریان لە کۆنگرە و لە هەر هاوپەیمانێتییەکی دیکەشدا دەبوو.

پێمانخۆشە نیشان بدەین لە ئێران بووین بۆیە بە فارسی قسە دەکەین

دزەکردنی زمان و فەرهەنگی ئێرانی لە باشووری کوردستان

"بۆ کوردستان" تایبەت:

بە هۆی ئەو دەسەلاتەی کە ئێران لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەیەتی، پەرەسەندن و زاڵبوونی کلتووری ئێرانی(parsian) لەو بەشە لە وڵاتەکەماندا بە دیاردەیەکی ئاسایی دەدرێتە قەڵەم، بەڵام بۆ دەبێ ئەو کلتوورە، تەشەنە بکاتە باشووری کوردستان؟ ئەمە پرسیارێکە کە "بۆ کوردستان" بۆ بەدەستهێنانی وەڵامەکەی سەردانی زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر- بەشی یاسا و سیاسەت دەکا و لەوێ لەگەڵ چەند کەس لەو خوێندکارانەی کە بە فارسی قسە دەکەن یان خود هەڵگری دیاردەکانی دیکەی کلتووری ئێرانین، وتوویژ دەکا.

"ئەڤین عەلی" 22 ساڵە کە یاسا دەخوێنێ و خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، لەم بوارەوە دەڵێ:" بە گشتی لە زانکۆکانی کوردستاندا زۆرم بینیوە خەڵکانێک بە فارسی قسە بکەن. دەتوانم بڵێم 95%ی ئەو کەسانە، خەڵکی باشووری کوردستانن و ماوەیەک لەو دیو بوونە و گەڕاونەتەوە."

ناوبراو، سەبارەت بە کوردانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەڵێ" لە کوردەکانی ئێران، کەسم نەبینیوە بە فارسی قسە بکا، مەگەر ئەوەیکە سۆرانی و بادینی بن و لەیەک تێنەگەن و بە زمانێکی هاوبەش قسەیان کردبێ."

"ئەڤین عەلی" کە لەگەڵ خوێندنا، کاری ڕۆژنامەوانییش دەکا، سەبارەت بەو خوێندکارانەی حەز لە زمان و کلتووری فارسی دەکەن دەڵێ:" جاڕێک کە پرسیارم لە چەند کەسیک کرد، وتیان پێمانخۆشە نیشان بدەین لە ئێران بووین، بۆیە بە فارسی قسە دەکەین. یانی فەرهەنگی ئێرانییان پێ باشتر بوو. ئەوان دەیانەوت، حەز ناکەین ئەو فەرهەنگە لە خۆمان جیا بکەینەوە."

ئەڤین، بە هەست و سۆزێکی تایبەتییەوە ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێ و دەڵێ:"یەک کێشەی کورد ئەوەیە کە هەست بە "حیقارەت" و چکوولەیی دەکا. بە بڕوای من نابێ کلتوور و زمانی خۆمان بگۆڕین. ماوەیەکی زۆری دەوێ ئێمەی کورد لە نێو خۆماندا بەو قەناعەتە بگەین و لاوانمان تێبگەیەنین کە قسەکردن بە زمانی دایکی شتێکی عەیب نییە."

پاراستنی حیجابەوە دەزانێ و ڕادەگەیەنێ:"نە باب و دایکم وتوویانە ئەو جل و بەرگە لەبەر بکە، نە کەسێکی دیکە، بۆ خۆم لەوەدا ئازاد بوومە. من هەست ناکەم کە ئەمە کلتوورێکی بێگانەیە. چونکە ئەمن ئاییننێکم هەیە کە لە سەری دەڕۆم و ئەم ئاییناەش بۆ هەموو جیهانە."

لە کۆتایشدا ڕوومان کردە خوێندکارێکی دیکە، کە بە پێی قسەی هاوقوتابیانی، لەگەڵ زۆر شێوەیە ڕای خۆی لەسەر کلتووری ئێرانی دەردەبڕێ:" لەگەڵ هەموو ڕەخنە و کەم و کۆڕییەک کە بێشک هەیەتی، کلتوورێکی پێشکەوتووە. بۆیە وا دەڵێم، چونکە چەند ساڵ لە ئێران ژیاوم و لە نزیکەوە شاهیدی ژیان و داب و نەریتی خەڵکی ئەوێ بووم."

ئەو، دانی پێدادەنێ کە قسەکردنی بە زمانی فارسی، بوونی مانتۆ و ڕووسەری لە بەر دۆستە کچەکەی و گوێ گرتن لە مۆسیقای فارسی لە ئۆتۆمۆبیلەکەیدا، شتێک بێجگە لەوە ناگەیەنێ کە ئەوان هەڵگری کلتووری ئێرانین.

هاوکات، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چ شتێکتان لەو داب و نەریتە دۆزیوەتەوە کە بەم شێوەیە هۆگری بوون؟ دەڵێ:" من جۆرە کراوەییەک لە خەڵکی ئێران دەبینم کە بە حەقیقەت لێرەدا نایبینم. هەڵبەت دیارە ئەمە زۆرتر مەسایلی تایبەت بە ژیانی لاوان دەگرێتەوە. بۆ نموونە لەگەڵ ئەوەدا کە حکوومەتێکی ئیسلامیش لە ئێراندا لەسەر کارەوەیە، ئەو دەرکەی لە پێوەندیی نێوان کچ و کوڕ لە شوێنێک وەکوو تاراندا بینیومە، لێرەدا بە حەقیقەت نایبینم. بەداخەوە، کلتووری کوردی، سەرەڕای بەهێزبوونی لە ڕووی ڕەسەنایەتییەوە، بە هۆی هۆکارگەلێکی جیاوازەوە دووا‌کەوتووە. ئێمە ڕۆشنبیرییەکی لاوازمان هەیە. ئێمەش وەکوو لاو حەز و ئاواتمان هەیە، پێمانخۆشە کۆمەڵگا و بێشک بنەماڵەش دەرکی ئێمە بکا، ئازادبوونی ئێمە بە ئیبتزاڵ نەزانرێ، کە کلتووری ئێرە بەحەقیقەت هێشتا بە باشی ئەوە هەڵناگرێ."

ئەو خوێندکارە کوردە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "لە کەمترخەمیی کورد و دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەیە کە، چ کلتووری ئێرانی و چ هی هەر شوێنێکی دیکە، کوڕ و کچی لاوی ئێرە بۆ لای خۆ ڕادەکێشێ." هەروەها لە ڕووداوی ئەم حاڵەتەدا، حکوومەت و لایەنە سیاسییەکان بە تاوانبار دەزانێ و دەڵێ:" لایەنێکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەسەرنجدان بە دۆخی هەنووکەیی، پێداچوونەوەیان لە سیاستەکانیان هەبایە و لە چوارچێوەی بەرە یان ئیئتیلافێکی یەکگرتوو خەبات و چالاکییان بکردبا، ئەوە قورسایی زیاتریان لە کۆنگرە و لە هەر هاوپەیمانێتییەکی دیکەشدا دەبوو.

دەگەڕێتەوە بۆ حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی ئێرە. بۆ نموونە، ئەوان لە ڕووی ڕێبەرایەتیی فەرهەنگیی کۆمەڵگا و "ئولگۆسازی"یەوە بۆ تاکی کورد، بەتایبەتی لە ڕاگەیەنەرەکاندا، لاوازن."

ئەو خوێندکارە کوردە، بۆ سەلماندی قسەکانی ئاماژە بە دەزگایەک وەکوو تەلەویزیۆن و کاریگەریی بەسەر کلتووری کۆمەڵگادا دەکا و دەڵێ:" تەلەویزیۆن، حوکمی مامۆستایەکی بۆ هەڵسوکەوت و ژیانی خەڵکی کۆمەڵگا هەیە، کاتێ لە فیلم یان درامایەکدا 2 ئەکتەری ژن و پیاو کە ڕۆڵی خۆشەویستی یەکتر دەگێڕن، پێیان عەیب بێ کە ماچێکی یەکتر بکەن، چۆن لە ئاستی کۆمەڵگادا ئەوە بە عەیب نازانرێ؟"

ئەو، لە کۆتایدا لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا کە، بۆ لەجیاتی پەنابردن بۆ کلتوور و داب و نەریتی بیانی، لەپێناو پێشخستنی کلتووری کۆمەڵگاکەتدا تێناکۆشی؟ دەڵێ:" بە هەقیقەت، یەک لە ئامانجە گرینگ و بنەڕەتییەکانی من لە خوێندن، لابردنی دواکەوتوویی و خاڵە لاوازەکانی داب و نەریتی کۆمەڵگاکەمە."

پێویستە لایەنە پێوەندیدارەکان بەو پەڕی هەست بە بەرپرسیارێتی کردنەوە، حەول و تەقەلاکانی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی پێش لە هێرشی کلتووری ئێرانی لە باشووری کوردستاندا بگرن.